وەزیری نەوت: وەزارەتەکەمان کۆنترۆڵی پرسەکانی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستانی نەکردووە

وەزیری نەوتی عێراق ئاماژە بەوە دەکات، وەزارەتەکەیان کۆنترۆڵی پرسەکانی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستانی نەکردووە؛ دەشڵێت، تۆکڵەی هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی بەندەری جەیهان دەگاتە 350 هەزار بەرمیل.

یەکشەممە، 23ـی ئاداری 2025، حەییان عەبدولغەنی، وەزیری نەوتی عێراق لە میانی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا لەتی کردەوە، وەزارەتەکەیان کۆنترۆڵی پرسەکانی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستانی کردبێت.

حەییان عەبدولغەنی هەروەها گوتی، پێشبینی دەکەن تۆکڵەی هەناردەی نەوت لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکییەوە بگاتە 350 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە.

وەزیری نەوتی عێراق ڕوونیشی کردەوە، بودجەی گشتیی فیدراڵی بۆ بەرهەمهێنانی هەر بەرمیل نەوتێکی هەرێمی کوردستان دیاریی کردووە.